# میتاگێڕانەوەی سەردێڕ لە ڕۆمانەکانی (عەبدوڵڵا سەڕاج)دا

م.ی. روناک صلاح علی

بەشی زمانی کوردی - کۆلێژی زمان - زانکۆی سەڵاحەدین

runak.ali@su.edu.krd

پ.ی.د. نجم خالد نجم الدين (ئەڵوەنی)

بەشی زمانی کوردی - کۆلێژی زمان - زانکۆی سەڵاحەدین

najim.najmaldinl@su.edu.krd

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی (میتاگێڕانەوەی سەردێڕ لە ڕۆمانەکانی (عەبدوڵڵا سەڕاج)دا) ئەنجام دراوە. هەروەک ئاشکرایە ڕۆمان وەک هەر ژانرێکی ئەدەبی لە کاتی سەرهەڵدانییەوە تاوەکوو ئێستە لە گەشەسەندن و بەرەوپێشچوونە و بە چەند قۆناغێکدا تێ پەڕیوە. یەکێک لەو دیاردانەی کە لە ئەنجامی گەشەسەندن و بەرەوپێشچوونی ڕۆمان سەری هەڵداوە دیاردەی (میتاگێڕانەوە)یە. ئەم دیاردەیە لە کۆتاییی سەدەی بیستەم وەک یەکێک لە گرنگترین تەکنیکە نوێیەکانی ڕۆمانی پۆستمۆدێرن تەماشا کراوە.

میتاگێڕانەوە و تەواوی تەکنیکەکانی گێڕانەوە پێویستییان بە شارەزایی و لێهاتووی ڕۆماننووسە تاوەکوو دەقی جوانی لێ بەرهەم بێنن، واتە ڕۆماننووس بە هۆشیاری و بە ئاگاییەوە بەرهەمەکەی بەرهەم دەهێنێت، ئەم هۆشیاری و ئاگاییە لە هەموو ئاستەکانی دەقی ڕۆماندا ڕەنگ دەداتەوە. ئێمە لێرەدا (سەردێڕ) وەک بەشێک لە بەشە پێکهێنەرەکانی دەقی ڕۆمانەکانی (عەبدوڵڵا سەڕاج)مان هەڵبژاردووە بە مەبەستی دەستنیشانکردنی میتاگێڕانەوەبوونی ئەم بەشەی ڕۆمانەکانی ڕۆماننووس و مەبەست و ئامانجەکانی ڕۆماننووس لە بەکارهێنانی ئەم دیاردەیە لە ڕۆمانەکانیدا.

کلیلەوشە: عەبدوڵڵا سەڕاج، میتاگێڕانەوە، سەردێڕ، پۆستمودێرنیزم، خودئاگایی.

پێشەكی:

سەرهەڵدانی پۆستمۆدێرنیزم و كاریگەری لەسەر ئەدەبیات، بەتایبەتی چیرۆک و ڕۆمان بە شێوەیەكی گشتگیرە. لە مەیدانی چیرۆک و ڕۆماندا زاراوەی پۆستمۆدێرنیزم زیاتر بۆ وەسفی ئەو ڕۆمانانە بەكار دێت كە تیایاندا بە شێوازێكی جیاواز ڕۆمان دەگێڕدرێتەوە، واتە لەم قۆناغەدا شێوازی گێڕانەوەی ڕۆمان و چیرۆک بە بەراورد لەگەڵ قۆناغی پێشتر گۆڕانی بەسەردا هات. یەكێک لەو شێوازە نوێیانەی گێڕانەوە (میتاگێڕانەوە) یە. میتاگێڕانەوە یەكێک لە باوترین جۆرەكانی گێڕانەوەی پۆستمۆدێرنیزمە. دیاردەیكە تێدا بگێڕەوە بە درێژایی گێڕانەوەی ڕووداوەكان، ئاماژە بە ڕۆمانبوون یان چیرۆكبوونی بەرهەمەكە دەكات و هەوڵ دەدات خوێنەر لە ناواقیعیبوونی بەرهەمەكە ئاگادار بكاتەوە.

هۆی هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە:

تاوەكوو ئێستە (بە گوێرەی ئاگایی ئێمە) وەک پێویست ئاوڕ لەم شێوازەی گێڕانەوەی ڕۆمان و چیرۆک نەدراوەتەوە و بابەتەكە شایانی ئەوەیە زیاتری لەسەر بنووسرێت.

كێشەی توێژینەوەكە:

لەم توێژینەوەیەدا دەمانەوێت بزانین (عەبدوڵڵا سەڕاج)وەک ڕۆماننووسێكی بەئەزموون چۆن سوودی لە جۆرەكانی سەردێڕ وەرگرتووە و بۆ چ مەبەستێک وەک دیاردەیەک لە دیاردەكانی میتاگێڕانەوە بەكاری هێناوە.

سنووری توێژینەوەكە:

ئەم توێژینەوەیە تایبەت كراوە بە حەوت ڕۆمان لە ڕۆمانەكانی (عەبدوڵڵا سەڕاج) كە خاوەنی یازدە ڕۆمانە، چونكە لە چوار ڕۆمانیدا سوودی لە دیاردەی سەردێڕ وەرنەگرتووە.

میتۆدی توێژینەوەكە:

لەم توێژینەوەیە بە پێی میتۆدی (وەسفی ــ شیكاری) ی كار كراوە. بۆ چەمک و زاراوە و جۆرەكانی سەردێڕ سوودمان لە میتۆدی وەسفی وەرگرتووە و بۆ شیكردنەوە و لێكدانەوەی ڕۆمانەكان سوودمان لە میتۆدی شیكاری وەرگرتووە.

پێكهاتەی توێژینەوەكە:

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەكییەک و سێ تەوەر پێک هاتووە. تەوەری یەكەم: زاراوە و چەمكی میتاگێڕانەوە باس كراوە. تەوەری دووەم خۆی لە پێناسەی سەردێڕ و جۆرەكانی سەردێڕ و ئەركەكانی سەردێڕ دەبینێتەوە. لە تەوەری سێیەمدا: میتاگێڕانەوەبوونی سەردێڕ لە ڕۆمانەكانی عەبدوڵڵا سەڕاجدا باس كراوە. ئەم توێژینەوەیە بە خستنەڕووی گرنگترین ئەنجامەكان و لیستی سەرچاوەكان و پوختەی توێژینەوەكە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی كۆتایی هاتووە.

تەوەری یەكەم: چەمک و زاراوەی میتاگێڕانەوە:

میتاگێڕانەوە لە زمانی فەڕەنسیدا وشەی (Métarécit) و لە زمانی ئینگلیزی وشەی (meta narrative)ی بۆ بەكار هاتووە. لە ڕاستیدا وشەی «meta narrative» وشەیەكە كە لە دوو بەش پێک هاتووە، ئەوانیش: (meta) و (narrative) ن.

زاراوەی (meta) پێشگرێكە لە پێش هەندێ وشە دێت و بەپێی ئەو وشەیەی كە دەخرێتە سەری وشەیەكی تازە دروست دەكات و واتاكەی دەگۆڕێ. (كاتی وایلز) ئاماژە بەوە دەكات: كە وشەی (meta) « وشەیەكی یونانییە بەواتای ئەودیو beyond، یان دوای after، یان لەگەڵ along with، یان بڵند above دێت» (وایلز، ٢٠١٤، ٤٣٢)

سەبارەت بە بەشی دووەمی وشەی (meta narrative) واتە وشەی (narrative) لە ڕووی وشەییەوە بە واتای «گێڕانەوەی ڕووداو، بەتایبەت لە ڕۆمانێكدا، چالاكی و كارامەیی وتنی چیرۆكێک» (Hornby,٢٠٠٤, ٨٤٦) دا هاتووە. كەواتە هەردوو وشەكە پێكەوە وشەی لێكدراوی (meta narrative) دروست دەكەن و لە ڕووی وشەییەوە بەواتای، بەرزتر لە گێڕانەوە یان لە دەرەوەی گێڕانەوە یان ژوورتر لەگێڕانەوە بەكاردێت.

بەكارهێنانی زاراوەی (Métarécit) لە زمانی فەڕەنسیدا بۆ (ژیرار ژنێت) دەگەڕێتەوە. «ژیرار ژنێت وەكوو تیۆریزانێكی فەڕەنسی لە دەیەی شەستی سەدەی بیستەم زاراوەی (Métarécit) بەكار دەهێنێت» (مەنتک، ٢٠٢١،

٤٥١) و لـە کتێبـی (گوتـاری گێڕانـەوە) کـە سـاڵی ١٩٩٧ بـڵاوی کردووەتـەوە لـە پەراوێـزی ژمـارە (٤١) ئامـاژە بـەوە دەکات، کـە « پێشـتر لـە کتێبەکەمـدا بەنـاوی (Figures II) لـە لاپـەڕە ٢٠٢ ئـەم زاراوەیـەم پێشـنیاز کـردووە.» (جنیـت،١٩٩٧،٢٧٣). کـە ئـەم کتێبـە لـە سـاڵی ١٩٦٢ بـڵاو کراوەتـەوە.

لـە زمـانی ئینگلیزیـدا بەرانبـەر بـەم چەمکـە چەنـد زاراوەیـەک بـەکار هاتـووە. هەنـدێ لـە ڕەخنەگـران زاراوەی (Metanarrative) بـەکار دەهێنـن. بـۆ نموونـە (ئەمبرتـۆ ئیکـۆ) لـە کتێبـی (میکانیزمـەکانی نووسـینی گێڕانـەوە) (ئیکـو، ٢٠٠٩، ١٢٧) و هەروەهـا (جیراڵـد پرێنـس) لـە کتێبـی (زاراوەکانی گێڕانەوە)(برنـس، ٢٠٠٣، ١٣٠) ئـەم زاراوەیـان بـەکار هێنـاوە.

میتاگێڕانـەوە بـەو ڕاسـتییەوە تایبەتمەنـدە، کـە «لـە ڕێـگای خۆدئاگاییـەوە ئەنجـام دەدرێـت و ڕۆماننـووس لـە بەرهەمهێنـانی ڕۆمانەکەیـدا بـەکاری دەهێنێـت» (یقطیـن، ٢٠١٢، ١٢٤) واتـە ڕۆماننـووس بـە هۆشـیاری و بـە ئاگاییـەوە بەرهەمەکـەی بەرهـەم دەهێنێـت. لێـرەدا مەبەسـت لـەو ئاگایـی و هۆشـیارییە هـەر وەک (پاترشـیاوو) ئامـاژەی پـێ دەکات ئەوەیـە، کـە «نووسـەر وێـڕای دروسـتکردنی جیهانێکـی خەیاڵـی، لێـدوان سـەبارەت بـە داهێنـانی ئـەو جیهانـە خەیاڵییـە دەخاتـە ڕوو)»پاترشـیاوو، ١٣٩٧، ٨-٩) ئەمـەش بـەو مەبەسـتەیە کـە نووسـەر جیهانێکـی خەیاڵـی دەخوڵقێنێـت و بـە ئاگایـی و هۆشـیارییەوە سـەرنجی خوێنـەر بـۆ سروشـت و پێکهاتـەی جیهانـە خەیاڵییەکـەی ڕادەکێشـێت.

یەکێـک لـەو بەشـانەی دەق کـە میتاگێرانـەوە تێـدا ڕەنـگ دەداتـەوە و ڕۆماننـووس دەتوانـێ بـۆ ئـەم مەبەسـتە بەکاریبهێنێـت (سـەردێڕ)ە. لـە تـەوەری دووەم بـاسی سـەردێڕ و تایبەتمەندییـەکانی و جـۆرەکانی و میتاگێڕانەوەبـوونی سـەردێڕەکان لـە ڕۆمانـەکانی (عەبدوڵـڵا سـەڕاج) دەخەینـە ڕوو.

تـەوەری دووەم: سـەردێڕ لـە میتاگێڕانـەوەی دەقـی ڕۆمانـدا

پێناسەی سەردێڕ:

یەکێـک لـە بەشـە پێکهێنـەرەکانی دەقـی هاوتەریـب (سـەردێڕ)ە. سـەردێڕ وەک پردێکـە لـە نێـوان خوێنـەر و دەقـی سـەرەکیدا و ڕێـگای بـۆ گەیشـتنی خوێنـەر بـە دەقەکـە خۆشـدەکات. سـەردێڕ، چ لـە دەقـی شـیعری و چ لـە دەقـی پەخشـاندا بەهەمـوو جۆرەکانییـەوە دەکرێـت بەکاربهێـنرێ و دەشـکرێ بـەکار نەهێـنرێ، واتـە نووسـەری ئـازادە پەنـای بـۆ بـەرێ، یاخـود پشـتگوێی بخـات.

لـە زمـانی ئینگلیزیـدا بەرانبـەر بـە وشـەی سـەردێڕ وشـەی (Epigraph) و لـە زمـانی عـەرەبی وشـەی (التصدیـر) و لـە زمـانی فارسیشـدا وشـەی (سرلوحـە)ی بـۆ بـەکار هاتـووە و لـە زمـانی کوردیـدا وشـەی (سـەردێڕ)ی بـۆ بـەکار هاتـووە، ئەمـە جگـە لـەوەی لـە هەنـدێ شـوێندا هەمـان وشـەی ئینگلیـزی بـە ڕێنـووسی کـوردی واتـە (ئێپیگـراف)[١] بـەکار هاتـووە. کـە لـە واتـا وشـەییەکەی وردەبینـەوە بەواتـای «دێڕێکـی نووسـین، دەسـتەواژەیەکی کـورت لەسـەر بینایـەک یـان پەیکەرێـک، یـان وەک پێشـەکییەک بـۆ بەشـێک لـە کتێبێـک» (Hornby,2004,421) دێـت، بـەڵام ئـەم زاراوەیـە لـە بـواری ئەدەبیاتـدا ئاماژەیـە بـۆ «وتەیـەک یـان پارچەیـەک کـە لـە بـەشی سـەرەوەی شـیعر، چیـرۆک یـان لەسـەرەتای پـاری ڕۆمانێـک بـەکار دێـت و هەندێجـار لەوانەیـە نووسـینێک بێـت لـە نووسـینی خـودی نووسـەر یـان شـاعیر کـە دەیەوێـت لـەم ڕێگایـەوە سـەرنجی خوێنـەر بـۆ ناوەڕۆکـی بەرهەمەکـە ڕابکێشـێت» (میرصادقـی،١٣٨٧، ١٩٣)، واتـە سـەردێڕ ئەوەیـە کـە خـاوەن بەرهـەم وتەیـەک یـان دێڕێکـی شـیعری شـاعیرێک وەردەگـرێ و لەسـەرەتای شـیعرەکەی یـان چیرۆکەکـەی یاخـود ڕۆمانەکـەی دەینووسـێت، هەروەهـا دەکـرێ خـاوەن بەرهـەم دێڕێکـی شـیعری خـۆی یـان وتەیەکـی تایبـەت بـە خـۆی لـەوێ بەکاربهێنـێ.

نووسـەر، سـەردێڕ ئاراسـتەی خوێنـەر دەکات و هـەوڵ دەدات پێـش دەسـتپێکردنی دەقـی سـەرەکی پەیامێـک سـەبارەت بـە ناوەڕۆکـی دەقەکـە ئاراسـتەی خوێنـەر

١. وشەی (ئێپیگراف) لە لایەن (موحسین ئەحمەد عومەر) لە کتێبی (فەرهەنگی ئەدەبی)، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٢، لاپەرە ٥٤ بەکار هاتووە.

بـکات، بـەم شـێوەیە سـەردێڕ «ئاراسـتەی خوێنـەر دەکرێـت بـۆ وەرگرتنـی دەقـی ئەدەبـی، بـەو نیشـانە و رووناکـی و هێمایانـەی کـە ئامـاژەن بـۆ ناوەڕۆکـی

دەقەکـە، بۆیـە ئاراسـتەی خوێنـەر دەکرێـت و ئامـاژە دەکرێـت بـۆ وەرگرتنـی پەیامێـک و شـیکردنەوەی کـۆدەکانی دەق» (السـامرائي، ٢٠١٥، ١٠٥). پێویسـتە خوێنـەری دەقـی میتاگێڕانـەوە بـە سـەرنجەوە مامەڵـە لەگـەڵ ئـەم بەشـەی دەق، واتـە سـەردێڕدا بـکات، چونکـە ئـەم سـەردێڕانە بەهـۆی ئـەو واتـا قووڵانـەی کـە لـە خۆیانـدا هەڵیدەگـرن ئامـاژە بـە ناوەڕۆکەکـە دەکـەن و بەشـێوەیەکی کـورت واتاکـەی چڕتـر دەکەنـەوە و دەبێـت خوێنـەر هۆشـیارییەکی بـەرزی هەبێـت لـە شـیکردنەوەکانیدا و «لەسـەر خوێنـەر پێویسـتە پلەیەکـی بـەرزی هۆشـیاری و تێگەیشـتنێکی گونجـاوی هەبێـت لـە چۆنیـەتی وەرگرتنـی ئـەم جـۆرەی دەقـی هاوتەریـب و بەوردبینـی و ورياییەکـی زۆرەوە مامەڵـەی لەگەڵـدا بـکات.» (السـامرائي، ٢٠١٥، ١٠٦)

جۆرەکانی سەردێڕ:

دەکرێـت سـەردێڕ لـە چەنـد شـوێنێکی جیاواز لـە نـاو کتێبـدا دەربکەوێـت، بـەڵام ئـەوەی ڕاسـتتر و باوتـرە بـە بیروبۆچـوونی (ژێـرار ژنێـت) «ئـەو شـوێنەیە، کـە نزیکـە لـە دەقەکـەوە، بەگشـتی لـە لاپـەڕەی یەکەمـدا دوای پێشکەشـکردن و پێـش دەسـتپێک دەردەکەوێـت».(Genette,1997,149) هەروەهـا دەکرێـت لـە شـوێنێکی دیکەشـدا دەربکەوێـت کـە ئەویـش «لـە کۆتاییـی کتێبەکەیـە، واتـە لـە دوایەمیـن دێـڕی دەقەکـەدا و دوا بـە دوای بۆشـاییەکی سـپییەوە». (Genette,1997,149) دەرکەوتنـی سـەردێڕ وای لـە (ژێـرار ژنێـت) کـردووە، جـۆرەکانی سـەردێڕ دابـەشی سـەر دوو جـۆر بـکات، کـە ئەوانیـش بریتیـن لـە:

« ١. سـەردێڕی سـەرەتایی: ئـەم جـۆرە بـۆ چالاککـردنی ئاسـۆی چاوەڕوانکـردنی خوێنـەر دانـراوە، بـە بەسـتنەوەی پێوەنـدی نێـوان سـەردێڕەکە و ئـەو دەقـەی کـە لـە خوێندنەوەیـدا بەشـدارە.

٢. سـەردێڕی کۆتایـی: ئـەم جۆرەیـان دوای خوێندنـەوەی دەقەکـە دەردەکەوێـت، بـۆ ئـەوەی لـە ئەنجامی خوێندنـەوەی دەقەکـەدا، لێکدانەوەیەکـی بنیاتگەڕانـە پێشـکەش بـە خوێنـەر بـکات، بۆیـە ئـەم سـەردێڕە بـۆ دەرچـوون لـە دەقەکـە وەکـوو وشـەیەکی کۆتایـی دادەنرێـت» (Genette,١٩٩٧,١٤٩). (ژێـرار ژنێـت) لـە ڕوانگـەی شـوێنی دەرکەوتـن یـان نووسـینی سـەردێڕەوە جـۆرەکانی دابـەش کـردووە بـۆ سـەر دوو جـۆری (سـەرەتا و کۆتایـی)، بـەڵام لێـرەدا دەبێـت ئامـاژە بـەم خاڵـە بکەیـن، ڕاسـتە سـەردێڕ یـان لەسـەرەتا یـان لـە کۆتایـی دەقێکـی ئـەدەبی دەردەکەوێـت، بـەڵام لـە هەنـدێ بەرهەمـدا وەک ڕۆمـان کـە دابـەش دەبێتـە سـەر چەنـد پارێـک، هەندێجـار ڕۆماننـووس لـە سـەرەتای هـەر پارێـک یـان هـەر بەشـێک وەک ئاماژەیـەک بـۆ ناوەڕۆکـی ئـەم پـارە، سـەردێڕ بـەکار دەهێنێـت، واتـە سـەردێڕ لـە ناوەڕاسـتی ڕۆمانەکـە بـەکار هاتـووە، بۆیـە ئێمـە پێمان باشـترە، لـەم ڕوانگـەوە جـۆرەکانی سـەردێڕ دابـەش بکەینـە سـەر (سـەردێڕی سـەرەتا، سـەردێڕی ناوەڕاسـت و سـەردێڕی کۆتایـی).

لـە لایەکـی دیکـەوە (سـهام السـامرائی) جـۆرەکانی سـەردێڕی بەسـەر پێنـج جـۆردا دابـەش کـردوو، ئەوانیـش بریتییـن لـە:

« ١. سـەردێڕی خـودی: کـە تێـدا نووسـەر دەقێـک لـە دەقـەکانی پێشـووی خـۆی بـەکار دەهێنێـت یـان دەق یـا پارچەیـەک یـا ڕسـتەیەک بـۆ کاری ئەدەبـی خـوی ئامـادە دەکات و لـە نێـوان ناونیشـان و جەسـتەی دەقـدا دایدەنێـت.

٢. سـەردێڕی وەرگیـراو: ئەوەیـە کـە نووسـەر هـەوڵ دەدات دەقێـک یـان کۆمەڵـە دەقێـک لـە نووسـەرانی دیکـەوە وەربگرێـت بـۆ ئـەوەی لـە نێـوان ناونیشـان و دەقەکـەدا بـۆ پشـتگیری کـردن و ڕۆشـنکردنەوەی لێـدوانی گێڕانـەوە دایانبنێـت.

٣. سـەردێڕی دووانەیـی: نووسـەر هـەردوو جـۆری پێشـوو بـەکار دەهێنێـت، واتـە نووسـەر سـەردێڕێکی خـۆی و سـەردێڕی کەسـی دیکـە پێکـەوە بـەکار دەهێنێـت.

٤. فـرە سـەردێڕی: ئەمـە بـەو واتایـە دێـت، نووسـەر پەنـا بـۆ بەکارهێنـانی چەنـد دەقێـک دەبـات و لـە چوارچێـوەی سـەردێڕی دیاریکـراودا [...] نووسـەر نـاوی ئـەو کەسـەی سـەردێڕەکەی لێوەرگرتـووە، هەروەهـا ناونیشـانی کتێبەکـەی یـان دیوانەکـەی ئـەو دەنووسـێت.

٥. سەردێڕی خەیاڵی: ئەویش ئەوەیە کە نووسەر دەستەواژەیەکی تایبەت بە خۆی دادەهێنێت و دەیخاتە پاڵ نووسەرێکی دیکەی ناسراو یان نەناسراو» (السامرائي، ٢٠١٥، ١٠٧-١٠٨). لەم دابەشکردنەدا توێژەر هەوڵیداوە لە ڕوانگەی کەسی نووسەری سەردێڕ و شێوە و شێوازی نووسینی سەردێڕەوە، سەردێڕ دابەش بکات بۆ ئەو پێنج جۆرەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێیان کردووە.

ئەرکەکانی سەردێڕ:

لێرەدا ئەم پرسیارە دەکرێت، ئاخۆ ڕۆماننووس بە چ مەبەستێک سەردێڕ لە بەرهەمەکەیدا بەکار دەهێنێت؟ بێگۆمان بەکارهێنانی سەردێڕ لە بەرهەمەکاندا چەند ئەرکێکی هەیە و نوێنەرایەتیی چەند مەبەست و ئامانجێک دەکات و هەر بۆ ئەم مەبەستەش ڕۆماننووس لە بەرهەمەکانیدا بەکاری دەهێنێت. (ژیرار ژنێت) چوار ئەرکی وەک ئەرکی سەردێڕ دەستنیشان کردووە:

« ١. ئەرکی سەرنج خستنەسەر ناونیشان: ئەم ئەرکە لە لایەکەوە ئەرکێکی یەکلاکەرەوە و لە لایەکی دیکەوە ئەرکێکی ڕوونکەرەوەیە، لێرەدا پاساو بۆ دەقەکە ناهێنێت، بەڵکو پاساو بۆ ناونیشانەکە دەهێنێتەوە.

٢. ئەرکی سەرنج خستنەسەر دەق: ئەم ئەرکە سیستماتیکترین ئەرکە، بەو پێیەی کە سەرنج دەخاتە سەر دەقەکە و بە خوێندنەوەی پێوەندی نێوان سەردێڕ و دەق، گرنگی ڕاستەوخۆی خۆی دیارتر و ڕوونتر دەکاتەوە.

٣. ئەرکی کەفالەت (گەرەنتی) ناڕاستەوخۆ: لێرەدا ئەرکی سەردێڕ لە بەر گرنگی وتە وەرگیراوەکە نییە، بەڵکو لە پێناو ئەو کەسەیە، ئەو وتەیەی وتووە و بە جۆرێک ناوبانگییەکەی دەخزێتە ناو کارەکەوە» (Genette,1997,156-159) واتە لێرەدا ئەرکی سەردێڕ پێوەندی بەوەوە نییە کە گوتراوە، بەڵکو پێوەندی بە ناسنامەی ئەو نووسەرەوە هەیە کە ئەو قسەیەی کردووە. بەکارهێنانی وتەی کەسە بەناوبانگەکان گەورەیی و پلەیەکی بەرزی ڕۆشنبیری بە نووسەری بەرهەمەکە دەبەخشێت.

٤. « ئەرکی ئامادەبوون و ئامادەنەبوونی سەردێڕ: ئەم ئەرکە بە بیروڕای (ژیرار ژنێت) تووشی زۆرترین لادان دەبێت، چونکە پێوەندی بە بوونی سادەیی سەردێڕەکەوە هەیە. ئەم کاریگەرییە لە ئەنجامی بوون یان نەبوونی سەردێڕ دروست دەبێت و تێدا ئاماژە بە ڕەگەز و سەردەم و بیروباوەری نووسینەکە دەکات، کەواتە ئامادەبوونی سەردێڕ نیشانەی ڕۆشنبیری و ئاستی نووسەرەکە دەردەخات.». (Genette,1997,160)

تەوەری سێیەم: میتاگێڕانەوەی سەردێڕ لە دەقی ڕۆمانەکاندا:

خوێندنەوەی ڕۆمانەکانی (عەبدوڵڵا سەڕاج)دا تێبینی ئەوە دەکەین، ڕۆماننووس زۆرپشتی بە دەقی سەردێڕ بەستووە، بە جۆرێک کە سەردێڕەکان جەستەیەکی هاوتەریب لەگەڵ دەقی گێڕانەوەکەدا پێکدەهێنن و دەتوانین بڵێین لەسەرەتای بەشێکی زۆری ڕۆمانەکانیدا سەردێڕی بە ئەرک و مەبەستی جیاواز بەکار هێناوە، لێرەدا هەوڵدەدەین باسی ئەو سەردێڕانە بکەین کە ڕۆماننووس لەسەرەتای ڕۆمانەکانی یان لەسەرەتای هەربەشێکی ڕۆمانەکانیدا بەکاری هێناون.

میتاگێڕانەوەی سەردێڕ لە سەرەتای ڕۆماندا:

یەکێک لەو ڕۆمانانەی کە ڕۆماننووس لەسەرەتای ڕۆمانەکەیدا سەردێڕی بۆ بەکار هێناوە، ڕۆمانی (ناوێ لەم تێکستە بنێ)یە. ئەم ڕۆمانە بەسەر دە پار دابەش بووە، لە سەرەتای هەر پارێک هیچ سەردێڕێک نەنووسراوە و ڕاستەوخۆ دەست بەگێڕانەوە کراوە. تەنیا لە سەرەتای ڕۆمانەکە و پێش دەستپێکردن بە گێڕانەوەی پاری یەکەم، ڕۆماننووس وتەیەکی (پوشکین)ی شاعیری ڕووسی وەک سەردێڕ بۆ ئەم ڕۆمانە بەکار دەهێنێت و دەڵێ:

«میللەتەکەم تا هەتایە بە باشی ناوم دەهێنێ
چونکە گیتارەکەم
زۆر هەستی پاکی ورووژاند
لە سەردەمی بێ بەزەیی خۆیشمدا
گۆرانیم بۆ ئازادی دەوت
دەموت هەژارانتان خۆش بوێ» (سەڕاج، ٢٠٠٦: ٥)

ڕۆماننووس مەبەستێکی گرنگ و وردی هەبووە لە هێنانەوەی ئەم وتەیەی (پوشکین). لە ڕاستیدا ڕۆماننووس خۆی وەک پوشکین دەبینێ و خۆی و (پوشکین) لە ئامانجەکانیاندا هاوبەش دەبینێت. مەبەستی (پوشکین) لەم وتەیە ئەوەیەکە میللەتەکەم تاهەتایە بەباشی ناوم دەهێنن، چونکە من باسی زۆر ڕووداو و بەسەرهاتم کرد و هەوڵمدا بەرچاوڕوونی بە خوێنەر بدەم و لە سەردەمی بێ بەزەیی خۆیشمدا باسی ئازادی و خۆشویستنی هەژارانم کردووە و بۆ ئەم دووە هەوڵمداوە. ڕۆماننووسیش لە زمانی بگێرەوە و لە گفتوگۆیەک لەگەڵ خوێنەردا باسی هەمان ئامانجی پوشکین دەکات و دەڵێ: «تێکۆشانی لە پێناوی ئازادی و دژە وەستان بەرانبەر چەوساندنەوە و دیکتاتۆران، یەکجەستەیی و دانەبڕاون» (سەڕاج، ٢٠١٠، ٢١٣) و ناڕاستەوخۆ بە خوێنەر دەڵێ منیش بۆ میللەتەکەم هەڵگرێ هەمان پەیامم.

ڕۆمانی (ئەفسانەی ڕەنگستان یان ڕەنگستانی ئەفسانە؟) یەکێکی دیکەیە لە ڕۆمانەکانی (عەبدوڵڵا سەڕاج). ئەم ڕۆمانە لە شازدە پار پێکدێت و ڕۆماننووس لە سەرەتای هەر پارێک هیچ سەردێڕێکی بەکارنەهێناوە، تەنیا لەسەرەتای دەستپێکی ڕۆمانەکەدا شیعرێکی (حەمدی) شاعیری وەک سەردێڕی ئەم ڕۆمانە بەکار هێناوە، کە دەڵێ:

«سوبح پێناکەنێ تا بێ نەوایێ شەو بەدڵ نەگری
گوڵێ ناپشکوێ تا بولبولی سوبحێ بەکوڵ نەگری
بەری نابێ درەختی باغی عالەم تا هەموو وەک یەک
بە یەک سۆز و بەیەک شۆر بە یەک دەم چڵ بە چڵ نەگری» (سەڕاج، ٢٠١٠، ٣).

ئەم سەردێڕە پێوەندییەکی توند و تۆڵی لەگەڵ ناوەڕۆک و تەنانەت وێنەی بەرگی ڕۆمانەکەدا هەیە. بە گشتی ناوەڕۆکی ئەم ڕۆمانە باسی چوارپارچەیی کوردستان و سنوور و تەلبەندی نێوان کوردەکان دەکات و ئاماژە بەوە دەکات، تا هەوڵ بۆ گۆڕان و ئازادی و سەربەستی نەدەین هیچ ئاوات و خواستێکمان نایەتەدی. گەیشتن بە ئازادی و یەکپارچەیی پێویستی بە هەوڵوتێکۆشان و یەکگرتنی کوردە. ئەم ئامانج و مەبەستەی ڕۆماننووس لەگەڵ مەبەستی (حەمدی)شاعیر یەکدەگرێتەوە، بۆیە ڕۆماننووس ئەم سەردێرەی هەڵبژاردووە و هەوڵی داوە لەم ڕێگەیەوە خوێنەر لە واتا و مەبەستی ڕۆمانەکەی نزیکتر بکاتەوە.

ڕۆمانی (سلێکوک هۆکلێر) لە حەوت پار پێک هاتووە، ڕۆماننووس سەردێڕی بۆ هیچ یەک لەم پارانە بەکار نەهێناوە، تەنیا لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا وتەیەکی (مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی) نووسیووە، کە دەڵێ:

« کێ گووتوویەتی ڕۆحی جاویدان دەمرێت؟
کێ جەسارەت دەکا بڵێ:
خۆری هیوا ئاوا دەبێ،
بە تەنیا دوژمنی خۆر نەبێت،
ئەوەی سواری سەری خۆی دەبێ و
هەردوو چاوی دەبەستێ و هاوار دەکات
تەماشا تەماشا خۆر دەمرێ» (سەڕاج، ٢٠١١، ٤)

ئەم وتەیەی (مەولانا) لەگەڵ ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە گونجاوە و هاوواتا و هاومەبەستی ڕۆماننووسە. لێرەدا (مەولانا) باسی دوو شت دەکات (ڕۆحی جاویدان نامرێ) و (خۆری هیوا ئاوا نابێ). مەبەست لە ڕۆحی جاویدان هێزی مانەوە و بەردەوامی ژیانە، هەڵبەت مەبەستی مانەوە و ژیانی جەستەیی نییە، بەڵکو ڕۆحییە، واتە مرۆڤ دەبێ بە شێوەیەک بژیت، دوای مردنی جەستەی، کار و کردەوەکانی بە جاویدانی بمێنێت. مەبەست لە بەشی دووەمی وتەکەی ئەوەیە کە نابێ مرۆڤ لە گەیشتن بە ئاوات و ئارەزووەکانی بێ هیوا بێت تەنیا ئەو کەسە بێ هیوا دەبێت کە دوژمنی ژیان و بەردەوامی بێت. ئەم وتەیە لەگەڵ مەبەست و ئامانجی سەرەکی ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەدا یەکدەگرێت، چونکە ڕۆماننووس داوای جاویدانی و مانەوە بۆ کورد بەگشتی دەکات و داوا لە خوێنەر دەکات بۆ گەیشتن بە جاویدانی و مانەوە بێ هیوا نەبن و تێبکۆشن و بۆ هەر پێشهات و ئەگەرێک بە بوێری و بەهێزی و عاقڵانە بڕیار بدەن.

لە دوا ڕۆمانی (عەبدوڵلا سەڕاج)دا بە ناوی (چۆن بوومە تیترواسک)، ڕۆماننووس تەنیا لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا دێڕە شیعرێکی (حاجی قادری کۆیی) شاعیر، وەک سەردێڕ بەکار هێناوە و لە پارەکانی ڕۆمانەکەدا، کە

شەش پارە هیچ سەردێڕێکی بەکارنەهێناوە. لە دێڕە شیعرەکەی (حاجی قادر)دا هاتووە:

«مەکان شەوقی بە عێلاتە، پەشمە کۆنە هەوار

حەیات زەوقی بە ئەحبابە، بایە ئاو و هەوا»

(سەڕاج، ٢٠١٢، ٥)

ئەم سەردێڕە لە دوو ڕووەوە پێوەندی لەگەڵ ڕۆمانەکەدا دروست کردووە. یەکێکی لە ڕووی مەبەستەوە یەکدەگرن. واتە مەبەستی (حاجی قادر)لەم دێڕە شیعرە لەگەڵ مەبەستی ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەدا یەک دەگرنەوە. مەبەستی (حاجی) لەم دێڕە شیعرە ئەوەیە، هەر شوێنێک ئەو کاتە خۆش و دڵڕفێنە کە خزم و کەس و هاوڕێی لێبی، ئێستە کۆنە هەوار واتا نیشتمان، هیچ خۆشییەکی تێدا نەماوە، ژیان ئەو دەمەی خۆش و بەزەوقە کە خۆشەویستان لە دەورت بن، بەڵام ئێستە نیشتمان بێ خۆشەویستان بەس ئاو و هەوایەکی ڕووتە و تەنیا بەهرەی ئەوەیە، کە بە هۆی ئەم ئاو و هەوایە دەتوانین بژین. مەبەستی ڕۆماننووسیش ڕەخنەگرتنە لەوانەی کە ناپاکییان لە وڵات و لە نیشتمانی خۆیان کردووە و دڵسۆزی خاک و نیشتمانی خۆیان نین.

لە لایەکی دیکەوە مەبەستی ڕۆماننووس لە هێنانی ئەم دێڕە شیعرەی (حاجی) ئەوەیە، ئەمە بە خوێنەر بگەیێنێت کە (خۆی)شی وەک حاجی تیتراوسک ئاسا هەڵگری پەیامە و دەیەوێ خەڵکەکەی لێ ئاگادار بکاتەوە، واتە هەمان ئەرکی شاعیر لەسەر شانی ڕۆماننووسە.

میتاگێڕانەوەی سەردێڕ لەگەڵ بەشەکانی ڕۆماندا:

لێرەدا مەبەستمان لەو سەردێڕانەیە کە ڕۆماننووس لە سەرەتای هەر بەش یان پارێکی ڕۆمانەکانی بەکاری هێناوە. ڕۆماننووس لە ڕۆمانی (کۆچڕەو... کۆچڕەو) لە سەرەتای ڕۆمانەکەیدا سەردێڕی بەکارنەهێناوە، بەڵام ئەم ڕۆمانە کە لە شەش بەش پێکدێت لەسەرەتای هەر بەشێک، سەردێڕی بەکار هێناوە کە لێرەدا ڕوونیان دەکەینەوە.

لە سەرەتای بەشی یەکەم کە بە ناونیشانی (ڕاز)ە، ڕاستەوخۆ نیوە دێڕێکی شیعری (هەردی) شاعیری بەکار هێناوە کە نووسراوە «چ سرڕێکت لەناو دڵدا، حەشارداوە بە پەنهانی!!» (سەڕاج، ٢٠٠٣، ٥). لێرەدا ئەم نیوە دێڕە شیعرە بەشێوەیەک زیاتر ئاماژەدان و ڕوونکردنەوەی ناونیشان و لەهەمان کاتدا دەقی ئەم بەشەی ڕۆمانەکەیە. ناونیشانەکە بەناوی (ڕاز)ە لێرەشدا ڕۆماننووس لە نیوە دیرەکەی هەردی شاعیر وشەی (سرڕ)ی بەرانبەر بە ڕاز داناوە لە هەمان کاتدا لەم بەشەدا کارەکتەری ڕۆمانەکە باسی ڕازێک دەکات، وەک پاداشتی شا و شاژنی ماران بە کارەکتەردراوە و دەبێ بۆ بەدیهێنانی هەنگاوبنێت و تا بەدیهێنانی لەلای کەس نەیدرکێنێ. بەم شێوەیە ئەم سەردێڕە لەگەڵ ناونیشان و ناوەڕۆکی ئەم بەشەی ڕۆمانەکە گونجاوە و پێوەندی دروست کردووە. لەم ڕێگایەوە ڕۆماننووس پێش خوێندنەوەی دەقی ڕۆمانەکە گفتوگۆ لەگەڵ خوێنەر دەکات و ئاماژە بەوەدەکات، لەم بەشەدا باسی شاردنەوەی ڕازێک دەکرێت.

لەبەشی دووەمی ڕۆمانەکەدا بەناونیشانی (برسێتیی پیرۆز)، لە سەرەتای ئەم بەشەدا ڕۆماننووس وتەی (چارل بۆدلێر)ی شاعیر و نووسەر و ڕەخنەگری فەرەنسی بەکار هێناوە و نووسراوە: « بەوە دەچێ، هێزی سێبەر تۆڵە لە منداڵانی رووناکی بکاتەوە» (سەڕاج، ٢٠٠٣، ١٧). لێرەدا ئەم سەردێڕە زیاتر ئاماژە بە ناوەڕۆکی دەقەکەیە بە بەراورد لەگەڵ ناونیشان، واتە وەک پاساوێک و ڕێگایەک بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی ناوەڕۆک هاتووە. لێرەدا مەبەستی (بۆدلێر) لە هێزی سێبەر ئەو کەسانەن کە دەستڕۆیشتوو و دەسەڵاتدارن و هێزیان هەیە و مەبەستی لە منداڵانی رووناکی خەڵکی هەژار و بێ دەسەڵاتی کۆمەڵگەن کە لەم کۆچڕەوەیەدا بە برسێتی و بە بێ کەسی فڕێدراون و لەگەڵ ژیان و مردندا مشتۆمر دەکەن. قسەکەی (بۆدلێر) یش بەو واتایەیە، دەڵێ: پێدەچێ هێزی دەسەڵاتدار تۆڵەی خۆیان لە منداڵانی هەژار و برسی دەکەنەوە. ئەم قسەیەی (بۆدلێر) لەناو بەشێکی ڕۆمانەکە ڕەنگیداوەتەوە. بگێڕەوە دەڵێت: «ئاسمان، کوندە و گاوسەکانی سەرەخوار کرد. ئێوە تەربوون ئەوان نا. ئەنگۆ برسیتان بوو ئەوان نا. دەمردن ئەوان نا. ئەمە بووە جیاوازیی ڕەشە کۆچەکە و... سوورە کۆچی ئۆتۆمبیلان» (سەڕاج، ٢٠٠٣، ٢٣)

لە بەشی سێیەمی ڕۆمانەکەدا، دیسان ڕۆماننووس

دوابەدوای ناونیشانی ئەم بەشە کە (پێتەختی سێبەر)ە سەردێڕی بەکار هێناوە، ئەویش وەرگرتنی وتەیەکی پێغەمبەر (مەسیح)ە کە وتوویەتی: «مرۆڤ تەنیا بە نان ناژێ» (سەڕاج، ٢٠٠٣، ٣٥). ئەم وتەیەی (مەسیح) و بەکارهێنانی ئەم سەردێڕە لەلایەن ڕۆماننووسەوە پێوەندی بە دەقەکەوە هەیە نەوەک بە ناونیشانی ئەم بەشەوە. ڕۆماننووس بە هێنانەوەی ئەم وتەیەی (مەسیح) ئەم پرسیارە لەلای خوێنەر دروست دەکات، ئەگەر مرۆڤ تەنیا بەنان ناژی ئەدی پێویستی بە چ شتێکی دیکەیە بۆ ژیان؟ ڕۆماننووس هەوڵ دەدات لەیەکەم هەنگاودا ئەم پرسیارە لە مێشکی خوێنەر دروست بکات و وای لێبکات بە خوێندنەوەی ئەم بەشە وەڵامی پرسیارەکەی بدۆزێتەوە، ئەویش ئازادی و سەربەستی و ئاشتییە، واتە مرۆڤ تەنیا بەنان ناژێ، بەڵکو پێویستی بە ئازادی و سەربەستی و ئاشتیشە کە لەم ڕۆمانەدا (حاجی میرزا)ی کارەکتەری سەرەکی هەوڵی دەستەبەرکردنی دەدات ئەویش لە ڕێگای دۆزینەوەی ئەو ڕووەکەی کە مارەکان وەک خەڵاتێک پێیان داوە.

لە بەشی چوارەمی ئەم ڕۆمانە، بە ناونیشانی (خۆ دوواندن) هاتووە، لێرەدا دیسان ڕۆماننووس سەردێڕی بەکار هێناوە و ئەویش وەرگرتنی وتەی (ژان ڕینێ ئوژنان)ە کە دەڵێ: « ئەوە مەنووسە کە ناشێ بۆ خۆتی بگێڕیتەوە» (سەڕاج، ٢٠٠٣، ٤٩). واتە لێرەدا ڕۆماننووس وەکوو ئامۆژگارییەک باسی ئەوە دەکات، دەبێ نووسەر باسی شتێک بکات کە کێشە و گرفتی خۆی و کۆمەڵگەکەی بێت و بۆ دۆزینەوەی چارەسەرییەک یان ڕۆشنبیرکردن و بەرچاوڕوونی کۆمەڵگەکەی باسیان بکات. دەبێ ڕۆماننووس یان نووسەر ئەو شتانە بنووسن کە شیاوی نووسین بن بەو مەبەستەی سوودبەخش بن و هۆشیاری خەڵک و کۆمەڵگە ڕوونبکاتەوە و بزانن کێن و چییان دەوێ و بۆ بەدەستهێنانی دەبێ چی بکەن. ئەم سەردێڕە ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆیە بە ناوەڕۆکی ئەم بەشە و پێوەندی بە ناونیشانەوە هەیە، چونکە لێرەدا ڕۆماننووس لەسەر زاری کارەکتەری ڕۆمانەکەوە خۆدوواندن دەکات و دەڵێ ئاخۆ دەبێ باسی چی بکەم و چی بنووسم.

بەشی پێنجەمی ڕۆمانی (کۆچڕەو... کۆچڕەو) کە بە ناونیشانی (یاوەری ماراسۆن) هاتووە، بە وتەیەکی (کراڤیچنسکی)[2] دەستی پێ کردووە و لە خوارەوەی ناونیشانەکە ئەم وتەیەی (کراڤیچنسکی) کە دەڵێت: «لە تیرۆر خراپتر، ملکەچکردنە بۆ زەبر و زەنگ» (سەڕاج، ٢٠٠٣، ٦٣) نووسراوە. ئەم سەردێڕە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی دەقەکەیە بۆ خوێنەر و پێوەندی بە ناونیشانی ئەم بەشەوە نییە، لەم بەشەدا (کاک وریا)، یەکێکە لە کارەکتەرە لاوەکییەکان، باسی ئازار و ئەشکەنجەیەک دەکات کە لە زیندانی بەعسییەکانی بینیوە و بە کوڵ دەگریا و بگێڕەوە بۆ دڵنەوایی ئاماژە بەوە دەکات، ئەو ئەشکەنجەیەی ئەم تووشی بووە لە ڕاستیدا مەدالیەی شەرەفە و نابێ شەرمی لێ بکات، بەڵکو ئەوەی کە سیخوری و ملکەچی بۆ دەسەڵات دەکات دەبێ شەرم لە خۆی بکات و مەبەستی ئەوەیە کە (کاک وریا)بۆ ئەوەی ملکەچی ئەو دەسەڵاتە و زوڵم و ستەمییانی پێ قبوول نەبووە تووشی ئەو هەموو ئەشکەنجەیە بوو. لێرەدا سەردێڕەکە دەگونجێ لەگەڵ ناوەڕۆکەکە، هەرچەندە کوشتن کارێکی خراپە، بەڵام ملکەچکردن بۆ زەبر و دەسەڵات لە کوشتن خراپترە.

لە بەشی شەشەمی ئەم ڕۆمانە، کە دوا بەشە، بەناونیشانی (ڕاز و هەڵکشان) وتەیەکی (ریتسۆس)[3] وەک سەردێر بەکار هاتووە، دەڵێت: «ئاشتی، بادە شیرێکی گەرمە لەگەڵ کتێبێک، بخرێتە پێش منداڵێک لە خەو هەڵسابێت» (سەڕاج، ٢٠٠٣، ٧٧). ئەم سەردێڕە هەڵگری زۆر واتا و مەبەستە.

لەم بەشەدا بگێڕەوە باسی گەیشتنی (مەلا میرزا) بە ڕووەکە ژیان بەخشەکە دەکات و لەم ڕێگایەوە توانی ئاشتی و ئازادی بۆ خەڵکی وڵاتەکەی دەستەبەر بکات و بە ئاواتی خۆی بگات. بەڕای ئێمە ئەم وتەیەی (ریتسۆس) لەگەڵ ئەم بەشەی ڕۆمانەکە زۆر بەجوانی یەکتر

---

٢. سیرجی ستیبنیاک کرافشینسکی (Sergey Stepnyak - Kravchinsky) سیاسی و نووسەری سەردەمی ئیمپراتوریەتی ڕووسی. لە ساڵی (١٨٥٢) لە دایک بووە و ساڵی (١٨٩٥) کۆچی دوایی کردووە.

٣. یانیس ریتسۆس شاعیری یونانی لەدایکبووی (١)مەی ساڵی (١٩٠٩) بوو. لە شاری مونوازی لە یونان لەدایک بووە و ساڵی (١٩٩٠) بە هۆی نەخۆشی سیل لە تەمەنی (٨١) ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

دەگرنــەوە و پێوەنــدی دروســت دەکــەن و واتــا و مەبەســتی خــۆی دەپێکێــت، ئــەو بەشــەیش ئەوەیــە کــە دەڵــێ: « گــەر سەربەســتی و ئاشــتی و شــادی، ســێ گیانلەبــەر بوونایــە، ئــەوا کڕنووشــیان بــۆ گەدەیەکــی بــرسی دەبــرد، ســەری نەوازشــیان بــۆ دایکێکــی بــێ شــیر دەچەمانــدەوە» (ســەڕاج، ٢٠٠٣، ٩٤). وتەکــەی (ریتســۆس)یش، تــا ڕادەیــەک ئــەم ڕاستییەی ســەرەوە بــە جۆرێکــی دیکــە دەســەڵمێنێ. مەبەســتی (ریتســۆس) ئەوەیــە کــە منــداڵ کاتێــک لــە خــەو هەڵدەســتێت، لێــرەدا مەبەســتی خــەونی نەزانیــن و غەفلەتــە، برســییەتی. ئاشــتی و ئــازادی و شــادی لــەم کاتــەدا بــۆ ئــەو منداڵــە وەک بــادەی شــیری گەرمــە. ئەمــە ئاماژەیــە بەهەمــان دایکێــک کــە شــیری نەبــوو بــە منداڵەکــەی بــدات، بــۆ ئــەوەی تێــری بــکات، لەگــەڵ کتێبێــک کــە لێــرەدا مەبەســتی ڕۆشــنبیرکردنی منــداڵ و نــەوەی دوا ڕۆژمانــە، واتــە گەنجــی ئێمــە برســیی ئاشــتی و ئــازادی و ڕۆشــنبیربوون و تێگەیشــتنە لــە واقیعــدا. ئــەم لێکدانــەوە و پێوەنــدی دروســتکردنەی نێــوان ســەردێڕ و دەقــی ڕۆمانەکــە زۆر بــە وریایــی و جــوانی لــە لایــەن ڕۆمانووســەوە بــەکار هاتــووە و پێویســتی بــە خوێنــەری کارامــە و زیرەکــە بــۆ تێگەیشــتن لــە مەبەســت و مەغــزای ڕۆمانــووس.

یەکێکــی دیکــە لــە ڕۆمانــەکانی (عەبدوڵــڵا ســەڕاج) کــە تێــدا ســوودی لــە دەقــی ســەردێڕ وەرگرتــووە ڕۆمــانی (ئــەژدەر)ە. ڕۆمــانی (ئــەژدەر) هەرهەمــان ڕۆمــانی (کۆچــڕەو... کۆچــڕەو)ە، بــەڵام بــە هەنــدێ گۆڕانــکاری وەک زیادکــردنی دووبــەش لــە کۆتایــی ڕۆمانەکــە و و دەســتکاری و زیادکــردن بــۆ هــەر شــەش بــەشی ســەرەتا. وشــەی ســەردێڕەکان لەبــەشی یەکــەم تــا بــەشی شەشــەم هەمــان ســەردێڕە کــە لــە ڕۆمــانی (کۆچــڕەو... کۆچــڕەو) بــەکار هاتــووە و لــە ڕۆمــانی (ئــەژدەر) دووبــارە بوونەتــەوە و گۆڕانکارییــان بەســەردا نەهاتــووە. دوو بــەشی حەوتــەم و هەشــتەم کــە ڕۆمانــووس لــەم ڕۆمانــەدا بــۆ شــەش بــەشی دواتــر زیــادی کــردووە پێویســتی بــە هەڵوەســتە و شــرۆڤەکردنەوە هەیــە.

بــەشی حەوتەمــی ڕۆمــانی (ئــەژدەر) بەنــاوی (نیــگار) نــووسراوە و ڕاســتەوخۆ دوای ئــەم ناونیشــانە وتەیەکــی (زەردەشــت)ی وەک ســەردێڕ بــەکار هێنــاوە، ئەویــش ئەوەیــە کــە «دەی ژنگــەل، دەی ئــەو کوڕەیــەم بــۆ دەرخــەن کــە لــە ناخــی پیاودایــە» (ســەڕاج، ٢٠١٩، ١٧٤). لێــرەدا مەبەســتی (زەردەشــت) ئەوەیــە پیــاو هەرچەنــدە بــە تەمەنیــش بێــت هێشــتا منداڵــی بــە هەمــوو هەســت و هەڵچوونەکانــەوە لــە ناخیــدا هەیــە. ئــەم ســەردێڕە پێوەنــدی بــە ناونیشــان و بــە ناوەڕۆکــی دەقــی ئــەم بەشــەوە هەیــە. (نیــگار) کــە لــەم بەشــەدا یەکێکــە لــە کارەکتــەرە لاوەکییــەکان، لــە ســەر ئایینــی زەردەشــتیەوە و بیــر و بــڕوای بــە دۆنایــدۆن و بــاوەڕەکانی دیکــەی ئــەم ئایینــە هەیــە، بۆیــە لــەم بەشــەدا ڕۆمانــووس بــە وتەیەکــی زەردەشــت دەســتی پــێ کــردووە. لــە میــانی ئــەو گفتوگۆیانــەی لــە نێــوان (نیــگار) و (حاجــی میــرزا) ســەبارەت بــە دونایــدون و مەســخ و نەســخ و مــردن و دونیــای دوای مــردن ئەنجامەدرێــت، بــاسی مــردن و تــرس لەمــردن دەکرێــت. (نیــگار) داوای چارەیــەک بــۆ ئــەم ترســە دەکات و (حاجــی میــرزا) لــە وەڵامــدا دەڵــێ:

« ــ خۆشەویستی.

ــ بە خۆشەویستی! خۆشەویستی چی! هیزە..

ــ کاک نیــگار گیــان، بــە هەمــوو واتــاکانی ئەڤیــن و چەمکــەکانی دڵداریــی بەرانبــەر کەســێکی تــر بووبێــت، یــان شــوێنزا و نیشــتمانی دایــک» (ســەڕاج، ٢٠١٩، ١٩٦). دەکــرێ لێــرەدا پێوەنــدی نێــوان ســەردێڕ و دەقــی ڕۆمانەکــە بــەم شــێوەیە لێکبدرێتــەوە کــە ڕۆمانــووس مەبەســتی ئەوەیــە هــەر وەک چــۆن (زەردەشــت) وتوویەتی ئــەی ژنــان یــان ئــەی دایــکان، پیــاوەکان پــەروەردە بکــەن و فێــری خۆشەویســتی و خــۆش ویســتنیان بکــەن. فێــری خۆشەویســتی مــرۆڤ و خــاک و نیشــتمان، ئەگــەر مــرۆڤ فێــری خۆشەویستی بکرێــت و بــە خۆشەویســتییەوە لەگــەڵ هاوســەر و خێــزان و نیشــتیمانەکەی بــژی هیــچ باکــی لــە مــردن نییــە و ناترســێ.

لــە بــەشی هەشــتەمی ڕۆمــانی (ئــەژدەر)دا ڕۆمانــووس ئــەم بەشــەی بــە (شــامارنامە) ناونــاوە و لــە ســەردێڕەکەیدا وتەیەکــی کــۆنی وەرگرتــووە: «دەســتێ هــی خــۆت نەبــوو، مــاری پێبگــرە» (ســەڕاج، ٢٠١٩،١٩٧). ئــەم وتەیــە لــە چاپــی یەکەمــی ڕۆمانەکــە بــەکار هاتــووە لــە وتــەی (کوردێــک) و لــە چاپــی دیکــەی ڕۆمــانی (ئــەژدەر) نــووسراوە (پەنــدی کوردی)یــە. ئــەم ســەردێڕە لەگــەڵ ناونیشــان و لەگــەڵ دەقــی ئــەم بەشــە دەگونجــێ. ناونیشــانی ئــەم بەشــە (شــامارنامە)یە،

تێدا مارێک باسی سەرگوزەشت و سەربردەی مار بەگشتی و مار لە ئەفسانەی میللەتان و مار لە خەوندا دەکات. لەم بەشەدا مار کارەکتەرە و بگێڕەوە لە زاری ئەوەوە بەسەرهاتی ماران دەگێڕێتەوە، بۆیە سەردێڕی ئەم بەشەش هەر سەبارەت بەمارە. لێرەدا ئێمە پێمانوایە ڕۆماننووس ئەم سەردێڕەی تەنیا بە هێنانەوەی (پەندێک) بە ئەرکی جوانی و ڕازاندنەوە بۆ ئەم بەشە بەکاری هێناوە.

ڕۆمانی (پەرتەوازەیی ئێرە و ئەوێکانی ڕەوان) کە لە نۆ بەش پێک هاتووە، ڕۆماننووس سوودی لە دەقی سەردێڕ وەرگرتووە وەک جۆرێک لە جۆرەکانی دەقی هاوتەریب. لە سەرەتای هەر بەشێک پێش هاتنی ناونیشانی ئەو بەشە، دێڕە شیعرێکی شاعیرێکی نووسیوە، ئەوەی جێگەی ئاماژە پێکردنە ئەوەیە کە ئەو سەردێڕانەی ڕۆماننووس بەکاری هێناون هەمووی شیعری شاعیری کورد و لەهەمان کاتدا شاعیری هاوچەرخن. لێرەدا لەیەک بەیەکی ئەم سەردێڕانە وردەبینەوە و ئاماژە بە سەرنج و تێبینی خۆمان دەکەین.

لە بەشی یەکەمی ڕۆمانەکەدا ناوی (ڕەفیق سابیر) هاتووە ونووسراوە: «پەیڤەکان، خۆیان دەنووسنەوە، ئێمەش خۆمان» (سەڕاج، ٢٠٠٦، ٥). واتە قسەکان خۆیان دەنووسنەوە، ئێمەش خۆمان دەنووسینەوە، ئەمە لەگەڵ ناونیشان و دەقی بەشی یەکەمدا پێوەندییەکی میتاگێڕانەوەی جوانی دروست کردووە. خوێنەر دوابەدوای خوێندنەوەی ئەم بەشە درک بە پێوەندی نێوان سەردێڕ و دەقی ئەم بەشەی ڕۆمانەکە دەکات. لەم بەشەدا گفتوگۆ لە نێوان (هەڵۆ)ی کارەکتەری سەرەکی و منی ناوەوەیدا دروست بووە و من، هەڵۆ بە خوێنەر دەناسێنێ، ئەمە لەگەڵ وشەی سەردێڕەکە زۆر گۆنجاوە، واتە قسەکان خۆیان دەنووسنەوە، ئەمە کارێکی دوور لە واقیعە و ئێمەش خۆمان دەنووسینەوە کە ئەمە هەمان نووسینەوەی (هەڵۆ)یە لە لایەن منی ناوەوەی ئەوەوە.

لە بەشی دووەمی ئەم ڕۆمانەدا، ڕۆماننووس وتەیەکی (ئەحمەدی مەلا)ی شاعیری وەک سەردێڕ بەکار هێناوە : «دەگونجێ باڵای ئەم وڵاتە، وەکوو دەزوولە ئاوی شەوین ڕۆبچێتە نێو خەونەکانمەوە.» (سەڕاج، ٢٠٠٦، ٢٧). ئەم پارچە شیعرەی (ئەحمەدی مەلا) کە لە لایەن ڕۆماننووسەوە بۆ ئەم بەشە بەکار هاتووە، هەر لە خۆڕا و لەبەر ڕازاندنەوە بەکارنەهاتووە، بەڵکو بە پێی ناوەڕۆک و ناونیشانی ئەم بەشە هەڵگری چەند واتا و مەبەستێکی دیارە و ڕۆماننووسیش ویستوویەتی پێش خوێندنەوەی دەقی ئەم بەشە بەرچاوی خوێنەرەکەی ڕوونبکاتەوە. (ئەحمەدی مەلا) مەبەستی لەم پارچە شیعرە ئەوەیە گونجاوە یان باشترە کە باڵای ئەم وڵاتە کە مەبەست مێژووی ئەم وڵاتە یان هەموو کارەسات و ڕووداوە ناخ هەژێنەکانی ئەم وڵاتە وەکوو دەزوولە ئاوی شەوین بچێتە نێو خەونەکانمانەوە و ببێتە بەشێک لە ئێمە. لێرەدا ئەم مەبەستەی شاعیر لەگەڵ مەبەست و ئامانجی (هەڵۆ) کە بگێڕەوە لە زاری ئەوەوە، بە جێناوی (من) مەبەست و ئامانجەکانی دەخاتە ڕوو، گونجاوە و مەبەستی ئەوەیە نابێ ئەم وڵاتە بە هەموو ئەو ناخۆشی و کارەساتانەی بەسەری هاتووە (لێرەدا ئاماژەی بە بەشێکی زۆری زوڵم و ستەمی سەردەمی ڕژێمی بەعس دەکات)، لە بیر بکرێ و دەبێ ببێتە بەشێک لە ڕۆح و گیانی هەر تاکێکی کورد. خوێنەر دوا بە دوای خوێندنەوەی ئەم بەشە لە پێوەندی ئەم پارچە شیعرە و مەبەستی سەرەکی ڕۆماننووس و ئامانجی هاوبەشی شاعیر و ڕۆماننووس تێ دەگات.

بۆ بەشی سێیەمی ئەم ڕۆمانە، ڕۆماننووس وەک دەقی سەردێڕ سوودی لە شیعرێکی شاعیری هاوچەرخی کورد (شێرکۆ بێکەس) وەرگرتووە کە دەڵێت: «تۆ، ئەوینی ناو بەفر بووی، تا نەوەریت، ڕەنگت نەگرت» (سەڕاج، ٢٠٠٦، ٥٢). (شێرکۆبێکەس) باسی جوانیی ڕەنگەکان دەکات و لێرەدا بە جۆرێکی دیکە و لە ڕوانگەیەکی دیکەوە باسی ڕەنگەکان دەکات. (شێرکۆبێکەس) دەڵێ: (تۆ) کە دەکرێ لێرەدا مەبەستی کچی کورد بێت. تۆ دڵداری ناو بەفر بووی، واتە کچی کورد کەسێکی پاک و خاوێن بووە، لێرەدا بەفر نوێنەرایەتی ڕەنگی سپی دەکات، لەم بەشەدا زۆر بە دوور و درێژی باسی ئەم ڕەنگە کراوە و ڕۆماننووس دەڵێ: « سپییەکە هەڵگەڕێنینەوە بۆ ڕەنگ و تۆنەکانی؟ بەڵێ دەکرێ... نهێنێ و مەزنیی سپی لێرەدایە، چونکە دایکەزای ڕەنگەکانە» (سەڕاج، ٢٠٠٦، ٥٥). شاعیر بەردەوام دەبێ (تا نەوەریت، ڕەنگت نەگرت) لێرەدا مەبەستی ئەوەیە، تا لەناو نەچوویت و نەمردیت ڕەنگت دیار نەبوو، کە لەناو چووی ڕەنگت گرت، ئەویش ڕەنگی سوورە. هەر لەم بەشەدا

بەشێوەیەکی دیکە پێوەندی نێوان ئەم سەردێڕە و گێڕانەوە کە دەدۆزێنەوە ئەو کاتەی کە (جوامێر) باسی کەرنەڤالی ڕەنگەکان لە کێلگەی چاویدا دەکات و دەڵێ: «بۆیە سوورم بە خوێنی کچێنی ئافرەتێکی ڕەدووکەوتوو بینی، کە بەسەر ڕایەخی بەفرەوە بێت» (سەڕاج، ٢٠٠٦، ٦٠). لەم بەشەدا لە پێوەندی نێوان ڕەنگەکان و مەبەستی شاعیر و ڕۆماننووس تێدەگەین و ڕۆماننووس نموونەی یەکێک لەو زوڵمانە دەخاتە ڕوو کە بەرامبەر بە کچی کورد دەکرێت.

لە بەشی چوارەمی ڕۆمانەکەدا، ڕۆماننووس وەک سەردێڕ سوودی لە دێڕە شیعرێکی (فەرهاد شاکەلی) وەرگرتووە کە دەڵێت: «لە هەر لایەک، دوو دڵی و گۆمانە، هەموو ڕازی من ئاشکرایە و هەموو ئاشکرای تۆ ڕاز» (سەڕاج، ٢٠٠٦، ٦٦). لێرەدا مەبەستی شاعیر نەمانی بڕوا و سەرلێشێواوییە، ئەوەی ئاشکرا و ڕوونە بووە بە ڕاز و ئەوەی ڕازە و شاراوەیە ئاشکرا بووە. ئەم دێڕە شیعرە لەگەڵ ناوەڕۆک و مەبەستی ئەم بەشەی ڕۆمانەکە گونجاوە. لێرەدا بگێڕەوە لە مێژووی کورد بە گشتی باسی چەند شتێک دەکات کە جێگۆڕکییان پێکراوە تاوەکووو ئەوەی ئاشکرا و ڕوونە ببێتە ڕازێک و نەناسرێتەوە. بۆ نموونە باسی بڕیارێکی سەردەمی بەعس دەکات، لەو بڕیارەدا هاتووە دەبێ هەرکەسێک کە گەیشتە تەمەنی ١٨ساڵێ نەتەوەی خۆی بۆ عەرەب بگۆڕێ، واتە ئەوەی کورد و سریانی و کلدانی و جوو هەر شتێک بن، هەموویان ببنە عەرەب. هەروەها باسی گۆڕینی شارستانییەت و داب و نەریتی شارێکی کوردی وەک کەرکووک دەکات، ئەوەی ئێستە لە کەرکووک دەگۆزەرێ لە خواردن و جلوبەرگ و...هتد داب و نەریتی بنچینە و سەرەکی خەڵکی کەرکووک نییە. بەگشتی باسی تەعریبکردنی ناوچە کوردنشینەکان دەکات، چۆن هەموو شتێکیان لێ شێواندوون. وەک لە گفتوگۆی نێوان باوکی کارا و دایکی کارا ئەمە دەخرێتە ڕوو:

« ئەوجا، کەوتۆتە سڕینەوەی ناوە کوردییەکانی قەد کێلە گۆڕەکانی شارەکەمان!!

ـــ هەر هەندە و بەس! بڕیاری ناردۆتە دائیرەکانی نفووس، کە ناوی تازە زاییوانی کوردان بە ناوی وەکوو: قەحتان و عەدنان و هەیسەم و قوسەی. تۆمار بکەن.

من گوتم. پشوویەکم دا

ـــ بەوەش نەگیرساوەتەوە! ئەوجا بڕیاریدا، نەتەوە گۆڕی بکرێ!!» (سەڕاج، ٢٠٠٦، ٧٤)

لە بەشی دواتری ئەم ڕۆمانەدا، وتەیەکی (سەباح ڕەنجدەر)ی شاعیری بەکار هێناوە، کە دەڵێ: «ئەگەر دەروونی خۆت پڕ ڕووناکی نەبوو تەماشای هەتاو مەکە بیرکردنەوەت لێ ون دەبێ» (سەڕاج، ٢٠٠٦، ٨٩). ئەم وتەیەی (.سەباح ڕەنجدەر) لەگەڵ گێڕانەوەکانی بگێڕەوە گونجاوە کە لە زاری (هەڵۆ)وە پێشکەشی دەکات. (هەڵۆ) بە خەیاڵ دەفڕێ و بۆ زێدی خۆی دەگەڕێتەوە و چەند بیرەوەری و ڕووداوێکی ئەو کاتەی خۆی دەگێڕێتەوە، بەڵام لەم گەشتە خەیاڵییەدا چەند چیرۆک و بەسەرهاتی دیکە بە شێوەی (میتاگێڕانەوە) تێهەڵکێشی گێڕانەوەکەی دەکات و باسی هزر و بیروڕای سوکرات و ئەرەستۆ و ئەفلاتوون و....هتد دەکات و چەندین چیرۆکی دیکە بۆئەوەی بگاتە ئەو ئامانجەی کە دەڵێ: « ڕەتاندنی نامۆیی مرۆڤ، لە یەکخستنەوەی هۆش و بوونە. جیابوونەوەیان نامۆیی دەخاتەوە. کار و کارانجامی یەکدین. واتا: هۆش لە ئاکامی بوونەوە دێتە ئاراوە، بە پێچەوانەیش [...] دەبێ تۆ و من بەر ئەوەی لە چەقی ڕووداوەکاندا، هەڵوێست بنوێنین، پێشتر دەبێ بڕوامان بە: لە نێو چاوان تۆمار کراوە و قەدەر نەبێ، دەنا تووشی نامۆیی دەبینەوە»(سەڕاج، ٢٠٠٦، ٩٠) ئەم بەشەی گێڕانەوەکە لەگەڵ وتەکەی (سەباح ڕەنجدەر)دا یەک دەگرێتەوە و مەبەستی ئەوەیە ئەگەر کەسێک خۆی پێنەگەینێ و خۆی هۆشیار نەکات وون دەبێ. ڕۆماننووس بۆ دووپاتکردنەوە لەسەر بۆ چوونەکەی لە لایەن خوێنەر ئەم وتەیەی (سەباح ڕەنجدەر)ی وەرگرتووە.

لەبەشی شەشەم وتەیەکی (لەتیف هەڵمەت)ی شاعیر بەکار هاتووە کە دەڵێ: « شمشێر و قەڵغان پەیژەی پیاوی سیاسین» (سەڕاج، ٢٠٠٦، ١٠٩). ئەم وتەیەی (لەتیف هەڵمەت) خۆی لە خۆیدا ڕەخنە گرتنە. ڕەخنەگرتن لە پیاوی کاربەدەست و دەسەڵاتداری وڵات. لەم بەشەیشدا بگێڕەوە لە زاری (دایکی کارا)وە دەگێڕێتەوە و باسی ئەو کاتە دەکات کە لەگەڵ (باوکی کارا) یان هەمان (هەڵۆ) لە گوندەکەیان ژیانیان بەسەر دەبرد و باسی ئاغا و بەگەکانی ئاوایەکەی خۆیان دەکات کە شتێکی باشیان نەکرد بۆ خەڵکی گوندەکەیان، تا بە چاکە

باسیان بکرێت. هەروەک لە گێڕانەوەیەکی دایکی کارا کە باسی یەکێک لە بەگەکانی ئەو کاتە دەکات و دەڵێ: «ئەو دارا بەگە هیچی ئەو تۆی بۆرە شوورووتان نەکرد، کە ناوێکی چاکی لە پاش بگوترێ! ئەوەشی سەربار بێت، بەگژ «سەعید قەزازی» موتەسەریفی شارا چووە و نەیهێشتووە دەست بەسەر خەڵە و خەرمانیدا بگرێ و بە هەرزان بێفرۆشێتەوە نانەواخانان و نرخی هەرزان بێ لەو گرانییەی حەربەدا!!»(سەڕاج، ٢٠٠٦، ١٢٢) واتە (دایکی کارا)ش ڕەخنە لە ئاغا و بەگەکان دەگرێ، ئەمە لەگەڵ وتەکەی (لەتیف هەڵمەت)دا لە یەک مەبەست کۆ دەبنەوە.

لە بەشی دواتری ئەم ڕۆمانە شیعرێکی (مەهاباد قەرەداغی) وەک سەردێڕیک بۆ ئەم بەشە هەڵدەبژێرێت کە دەڵێ: « گلکۆکان، ئەو لانکە ئەزەلییانەن، پڕن لە ڕۆحی کۆرپە. لانکەکان، ئەو تابووتە شکاوانەن، پڕن لە جەستەی پیر» (سەڕاج، ٢٠٠٦، ١٢٩). لێرەدا ڕۆماننووس ئەم دێڕە شیعرەی لەگەڵ مەبەست و ناوەڕۆکی ئەم بەشە گرێداوە و بەراوردی ئازادی و واتاکەی لە نێوان دوو دونیا و شوێنی جیاوازدا دەکات، ئەویش ئەوروپا و کوردستانە. مەبەستی ڕۆماننووس ئەوەیە، کوردستان بەم هەموو نەهامەتی و کێشەیەی کە بەسەری هات، بۆ گەنجانی ئێمە وەکوو گۆڕێکی لێهاتووە، لە لایەکی دیکەوە ئەوروپا کە بۆ گەنجەکانی کورد ئازادی بەرهەمهێناوە و بووەتە لانکەیان، بەڵام بۆ کەسە بەتەمەنەکان وەک گۆڕێکە و پێی دڵخۆش نین و ڕۆژێ چەند جار ئاوات بۆ لانکەی خۆیان، واتە کوردستان دەخوازن ڕۆماننووس مەبەستی خۆی لە هێنانی ئەم دێڕە شیعرە لە لایەک لە گفتوگۆی نێوان (هەڵۆ) و (بەیار) دەخاتە ڕوو:

« مامۆستا هەڵۆی بەڕێز، ئەمەیە ژیان! کە لێرەدایە. نەک راودونان و کولەمەرگی و کەساسی و براکوژی.

گوتم: کاک بەیار، ئەمان، بە چاکی لە واتای گوزەران تێگەییون.»(سەڕاج، ٢٠٠٦، ١٣٦)

لە لایەکی دیکەوە (خاڵە یوسف) کە کەسێکی بەتەمەن بوو و لە ئەوروپا دەژیا و بە وەرگرتنی پارەی سۆسیال و کۆکردنەوەی زبڵ ژیانی دەگۆزەراند، دەکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ (ئیرەج) و لەم گفتوگۆیە کەساسی و بێچارەیی کوردە بەتەمەنەکانی نیشتەجێ بووی ئەوروپا دەخاتە ڕوو:

« لە چەنگ و چەپۆکی ئاخوندەی ڕیش تەگەیی دەروازبووی و کەفتیتە ژێر نیلەی بەعسی ئێراقەوە! ئەوەتانێ، لێرەیشە، لەم تاراوگەیەدا، هەمان ڕەنجدان و قوون دڕانەکەیە!! مەگەر وانییە؟

ــ دەمخۆش، عەلعانەکی دەچمە ویزەی کارەکەمەوە. لای ئێوەمان خۆش.

بە ڕوو خۆشییەوە، بەیار پرسیاری لێ کرد،

ــ ئەی ناگەڕێیتەوە؟!

ــ حەتاوەکوو بەیانی گەرەکە بڕەتێم. «(سەڕاج، ٢٠٠٦، ١٣٩)

لە سەردێری بەشی هەشتەمی ئەم ڕۆمانەدا کە بگێڕەوە لەزاری (شیلان)ی کچی (هەڵۆ)وە دەیگێڕێتەوە، وتەیەکی (فەرهاد پیربال) بەکار هاتووە، کە دەڵێ: «هەموو شتێک، دەردی نەتوانینی باوەشکردنە بە جوانیدا»(سەڕاج، ٢٠٠٦، ١٥٣). لەم بەشەدا هەڵۆ و شیلان باسی ژیان و مردن دەکەن و هەر لەم بەشەیەدا، (هەڵۆ) کارەکتەری سەرەکی دەمرێ. لەم بەشەدا باسی ژیان و مەرگ دەکرێ کە ڕیشاڵی ئەم دووە بە خودی کەسەکەوە دەبەسترێتەوە. ئەگەر بە جوانی سەیریان بکات بە جوانیش دەمرێ و دەژێ و لەگەڵ کۆتایی ئەم بەشەدا شیلان دەڵێ: «باوکم هەمیشە دەیگووت سێ جۆر کەس عاشقانە هەست بە ژیان و مەرگ دەکەن، شاعیر و هونەرمەند و سۆفی» (سەڕاج، ٢٠٠٦، ١٨٦). لێرەدا لەگەڵ وتەکەی (فەرهاد پیربال)دا یەک دەگرنەوە. لەبەر ئەوەی شاعیر و هونەرمەند و سۆفی جوان دەبینن و جوانییان لە باوەش کردووە، بۆیە نە لە ژیان و نە لە مەرگ ترسیان نییە و بەجوانی دەژین و بەجوانیش دەمرن.

لە بەشی نۆیەمدا، کە دوا بەشی ئەم ڕۆمانەیە وتەیەک وەرگیراوە کە وتەی (هەڵۆی کاکۆل چەرموو)یە. کە خۆی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەیە و لەم ڕێگایەوە تایبەتمەندیی میتاگێڕانەوەی زیاتری بەم ڕۆمانە و بەتایبەتی بەم بەشەی بەخشیوە، کارەکتەری ڕۆمان سەردێڕ بۆ ڕۆمانێک دەنووسێ کە خۆی تەنیا یەکێک لە کارەکتەرەکانی بووە. (هەڵۆ) دەڵێ: «ئەگەر لە غەریبیشدا بمرم، ئەی شاتووەکەی حەوشەکەمان، تۆ هەمیشە لە نەوبەهاراندا، دیاری خۆت پێشکەش بکە»

(سەڕاج، ٢٠٠٦، ١٨٧). لەم بەشەدا زیاتر باسی مردنی هەڵۆ و گێڕانەوەی ئەو دەستنووسانەیە، كە لە هەڵۆ بەجێماوە و شیلان و دایكی كارا باسی دەكەن. دەكرێ لێرەدا مەبەستی (هەڵۆ) لەم وتەیە ئەمە بێت، ئەگەر من لە غەریبی و دووره وڵاتی مردم تۆ ئەی كچەكەم، (لێرەدا شاتووەكەی وەک هێمایەک و نیشانەیەک بۆ (شیلان)ی کچی خواستووە) بەردەوام بە لە ژیان و گەشەكردن و پێشكەشكردنی خۆشی و جوانی بە دەورووبەرت.

ئەنجامەكان:

١. ڕۆماننووس هەوڵی داوە بە سوودوەرگرتن لە سەردێڕ تایبەتمەندییەكی میتاگێڕانەوەیی دەقەكانی ببەخشێت و لەم ڕێگایەوە لەگەڵ خوێنەر قسە بكات و پێش خوێندنەوەی دەقەكە بەرچاوی ڕوون بكاتەوە.

٢. ڕۆماننووس لە كۆی حەوت ڕۆمانەكەی سنووری توێژینەوەكەمان سوودی لە سەردێڕ وەرگرتووە و هەندێ لەسەر دێڕەكان وتەی شاعیران و نووسەرانی جیهانین. وەک: یانیس ریتسۆس، پۆشكین، بۆدلێر و هەندێكیان شاعیری كوردن وەک: شێركۆبێكەس و ڕەفیق سابیر و سەباح ڕەنجدەر.

٣. سەردێڕ لەم ڕۆمانانەدا، ڕۆڵی دەقی هاوتەریب دەگێڕێت كە بەشێكی گرنگیی دەروازەكانی دەق پێک دەهێنێ و كارلێكی واتایی لەگەڵ ناوەڕۆكی دەقەكاندا دروست دەكات.

٤. ڕۆماننووس لە جۆرەكانی سەردێڕدا، سەردێری لە سەرەتا و لەگەڵ بەشەكانی ڕۆمانەكانی بەكار هێناوە، بەڵام لە هیچ یەک لە ڕۆمانەكانیدا، سەردێڕی كۆتایی بەكار نەهێناوە.


لیستی سەرچاوەكان:

سەرچاوە كوردییەكان:

١)سەڕاج، عەبدوڵڵا (٢٠٠٣)، كۆچڕەو... كۆچڕەو، چاپی یەكەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٢) سەڕاج، عەبدوڵڵا (٢٠٠٦)، ناوێ لەم تێكستە بنێ، چاپی یەكەم، بڵاوكراوەی ئاراس، هەولێر.

٣) سەڕاج، عەبدوڵڵا (٢٠٠٦)، پەرتەوازەی ئێرە و ئەوێكانی ڕەوان، چاپی یەكەم، چاپخانەی ئارابخا كەركووک.

٤) سەڕاج، عەبدوڵڵا (٢٠١٠)، ئەفسانەی ڕەنگستان یان ڕەنگستانی ئەفسانە، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٥) سەڕاج، عەبدوڵڵا (٢٠١١)، سلێكوک هۆكلێر عاجباتیی هەشتەم، چاپی یەكەم، چاپخانەی كارۆ، كەركووک.

٦) سەڕاج، عەبدوڵڵا (٢٠١٢)، چۆن بوومە تیتراوسک، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٧) سەڕاج، عەبدوڵڵا (٢٠١٩)، ئەژدەر، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٨) مەنتک، حەمە (٢٠٢١)، ئاركیۆلۆژیای پۆلێنی ڕۆمانی كوردی، چاپی یەكەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

سەرچاوە عەرەبییەكان:

٩) إيكو، أمبرتو(٢٠٠٩)، آليات الكتابة السردية، ترجمة و تقديم: سعيد بنكراد، الطبعة الأولى، دار الحوار للنشر و التوزيع، سورية.

١٠) برنس، جيرالد (٢٠٠٣)، المصطلح السردى، ترجمة: عابد خزندار، ترجمة و النشر للمجلس الأعلى للثقافة، الطبعة الأولى، قاهرة.

١١) السامرائي، سهام (٢٠١٥)، العتبات النصية في «رواية الأجيال» العربية، الطبعة الأولى، دار غيداء للنشر و التوزيع، عمان.

١٢) جنێت، جيرار (١٩٩٧)، خطاب الحكاية (بحث في المنهج)، ترجمة: محمد معتصم و عبدالجليل الأزدى و عمر حلي، الطبعة الثانية، الهيئة العامة للمطابع الأميرية.

١٣) وايلز، كاتى (٢٠١٤)، معجم الأسلوبيات، ترجمة: خالد الأشهب، الطبعة الأولى، بيروت.

١٤) يقطين، سعيد (٢٠١٢)، قضايا الرواية العربية الجديدة، دار الأمان، الطبعة الأولى، رباط.

سەرچاوە فارسییەكان:

١٥) پاترشیاوو، فراداستان (١٣٩٧)، ترجمەی: شهریار وقفی پور، نشر چشمه، چاپ دوم، تهران.

١٦) میرصادقی، جمال و میمنت (١٣٨٧)، واژەنامە هنر داستان نویسی، چاپ دوم، چاپ و نشر كتاب مهناز، تهران.

سەرچاوە ئینگلیزییەكان:

17) Hornby, A.S(2004), OXFORD DICTIONAتهران،
چاپ تاج، مؤسسه انتشارات دانش

18) Genette, Gerard(1997), Para texts: thresholds of interpretation, Translated by: Janee.Lewin, published by university of Cambridge, New York.

## ملخص

عنـوان هـذا البحـث (مـاوراء سرد التصديـر في روايـات عبداللـه سراج). كـما هـو واضـح، فـإن الروايـة، مثـل أي نـوع أدبي، كانـت تتطـور وتتقـدم عـبر عـدة مراحـل منـذ بدايتهـا. إحـدى الظواهـر التـي ظهـرت نتيجـة لتطـور الروايـة هـي ظاهـرة (مـاوراء الـسرد). تعتـبر هـذه الظاهـرة مـن أهـم التقنيـات الجديـدة لروايـة مـا بعـد الحداثـة منـذ أواخـر القـرن العشريـن.

يتميـز مـا وراء الـسرد بحقيقـة أنـه يتـم مـن خـلال الوعـي الـذاتي ويسـتخدمه الـروائي في إنتـاج روايتـه، أي أن الـروائي ينتـج عملـه بوعـي، وينعكـس هـذا الوعـي عـلى جميـع مسـتويات نـص الروايـة. هنـا اخترنـا التصديـر كجـزء مـن نـص روايـات عبـد اللـه سراج مـن أجـل التعـرف عـلى طبيعـة مـا وراء الـسرد لهـذا الجـزء مـن روايـات الـروائي ونوايـا الـروائي وأهدافـه في اسـتخدام هـذه الظاهـرة في رواياتـه.


الكلمات المفتاحية: عبد الله سراج، ما وراء السرد، التصدير، ما بعد الحداثة، الوعي الذاتي.


## Abstract

The title of this research is (Metanarrative of Epigraphs in the Novels of Abdullah Siraj). As is evident, the novel, like any literary genre, has been developing and progressing through several stages since its inception. One of the phenomena that appeared as a result of the development of the novel is the phenomenon of metanarrative. This phenomenon is considered one of the most important new techniques of the postmodern novel since the late twentieth century.

Metanarrative is characterized by the fact that it is done through self-Conscious and used by the novelist in the production of his novel, that is, the novelist consciously produces his work, and this awareness is reflected at all levels of the text of the novel. Here we chose to Epigraph as part of the text of Abdullah Siraj's novels in order to identify the metanarrative nature of this part of the novelist's novels and the novelist's intentions and goals in using this phenomenon in his novels.


Keywords: Abdullah Siraj, Metanarrative, Epigraph, Postmodernism, self-Conscious.